# لەودیو ی وەرزەکانەوە

لەساڵی زەردبون و
لەوەرزی وەریندا
هاوارێك بۆ مردن وكۆچ ئەكرێ
بەئا پۆڕەی ئەو درەختە ڕوتانەی
کە گوێچکەیان با کەڕی کردوون و
چاویان پڕە لە تابوت
مەستانە ئەیان گێڕن بەدوای کفنە زەردەکاندا
ئەو ڕۆژە من دەعوەت کرابووم
لە پێشەوەی دار هەنارێکدا
لەسەر کورسی بەردێکی پاڵتۆ لەبەری زەردوو سور دانیشتم
هەستم ئەکرد
هەناسەیەکی گیانەلآن ئە مجوڵێنێ
کەلەهەناسەی گیان کێشانی پەلکە گیایەك ئەچوو
لەو وەرزەدا
وورده وورده گوێچکەمان پڕدەبوو لە خشپە
جار جاریش هاواری گەلآیەك
ئەکەوتە باوەشمان
ئەو وەرزە
من وتۆ وهەموومان
بە خەونی گەلآیەك بوینەوە بە چرۆ
کەچی تۆ لە عەزای ئێمەدا ئەبینرای
هەنگاوت
لە نەرمی هەنگاوی با ئەچوو
خۆت ئەکرد بەماڵی گولیشدا
دەبویتە هەسانێك بۆ تیژی ئەو دڕکەی
بەرماڵی لەبەردەم گوڵێکدا ڕائەخست
دەبوویتە ئەو پەیام هێنەرەی
کە ئاویش دووات ئەکەوت

لەتۆدا گەڵایەك گیانەدا
کەمردیش پرسیاری منداڵی لیٚ ئەکەن
پیٚی ئەڵیٚن :ساباتت بۆ کیٚ درووستکرد ..
پە نجەت خستە سەر چ زامیٚك؟!
وەرزەکان کە ئەمرن
وەرزیٚکی تر لاشەیان گسشت ئەخوا
هەرخۆی دەبیتە حاکم و پادشا
ئەو وەرزە
من چووم بەدەم هاواری
گەڵاو زەردووی گوڵەوە
دڵ ئیٚشەی ڕازیانەم چارەکرد
کەچی خۆم کەوتمە بەر تیری نەزەری
لەودیوی وەرزەکان
ڕەیحانە ڕەشەیەك
لە ڕەنگی خۆی پەشیمان بوو
کەدەستیان دەگرت بۆ سەر تاویٚریٚکی ڕەق
تا چیدی بۆنی بەهەدەر نەڕوات
ئەو وەرزە
دەستم دەگریٚت
نیوەم سواری بۆراق دەکات
نیوەی تریشم لە زادگەی گوڵەکان جیٚ ئەهیٚڵیٚ
ئەو وەرزە
وەکوو زستان نیە ،کەهات بەرگی فەقیر بدڕیٚنیٚ
وەك بەهار نیە
تەنها باقەیەك گوڵی پیٚ بیٚ
وەك هاوین نیە
سفرەیەکی کاتی ڕاخا
وەك پا یز نیە گەڵایەکی مردوو جیٚ بهیٚڵیٚ
ئەو کە دیٚ هەموو جوانیەکان
لە سیٚبەرەکەیدا دەرئە کەون
هەموو زوشتیەکانیش

لە دیوی خەوتنیدان
بۆ ئەوانەی حەزیان لێ ئەکەن
ئەو وەرزە
نزیکە لەماکاڤەکانی سەوز بوون
دوورە لەشکۆفەی ژەقنەمووت
ئەو کەدێ
ئەو دیووی هەموو وەرزەکانی پێ یە
گەربەهاریانە پێشواری کەی
ئەوا تاجێکی شاهانە
لەمووروەکانی خۆرەتاو
ئەکرێتە سەرت
ئەستێرەکان بۆ هاتنت
بەدەوردا دەخولێنەوە و
ئاهەنگت بۆ دەگێڕن
ئەو کە دێ
ناوم توغرایانە ئەنوسێ
بێ باڵ فێرە فڕینم ئەکا
هەندێ ناوی تریش
داباتە پەڕەکانی هەلا یهەل
ئەو کەدێ دەستم ئەگرێ
وەرزەکان ئەخاتە جانتا
ئەو کەدێ
پایزانە هەنگاو ئەنێ
بەهاریانە دائەنیشێ
ئەو کە دێ
بۆمن ئەسپێکی باڵدارو
بۆ تۆ شیعرێکی عەیارو
بۆ دەریاش
نەفەسێکی دوورو درێژ
ماسیەکی سور کەلانەی بێ فرت وفێڵ

لەگەڵ دەستی خۆی ئەهێنیٚ
ئەچمە ئەو دیوی وەرزەکان
کەچی غەریبی ناهێڵێت بۆ خۆم دانیشم
گەلآیەك بانگم دەکاتە لای خۆی
پایز ئەبینم لەژێر دارێکی ڕووت دا
دەست بەئەژنۆ دانیشتوە
پێش ئەوەی بڕۆم
خەوی نێوو وەرزەکانم ڕەت کردەوە
جریوەی چۆلەکەکانم کۆکردەوەو
دواماچی کانیم کرد
پێش ئەوەی بڕۆم
خواحافیزیم لە تریٚ چاو ڕەشەکان کرد
کەجاریٚ تر نەمن بەواندا هەڵە تۆقێم و
نە ئەوان ئەڕژێنە ماڵم
دوای من
پایز جامیٚ شیعری تەڕ دەنوسیٚ
تابۆ بەڕیٚ کردنم بیڕژێنیٚ بەدوامدا
ئەو شیعرە
بۆنی لە دایك بوون و کۆچی لیٚ هەڵ ئەسا
بۆیە بەبۆن کەوت
ئاوڕێکم دایەوە ....دەبیٚ بڕۆم
شە پۆلەکان بەناچاری دەستێکیان بۆ بەرزکردمەوە
سەرێکیان بۆ دانەواندم
لەو دیووی وەرزەکانەوە
دەچمە هەڵقەی ئەو زیکرەی دەمباتەوە بۆ شاری فەنابوون
لەویٚ لە واتای مەرگ دەگەم
کە دەست پێکردنەوەی ژیانە.... ژیان
لەو دیوەوە
بە ڕەحمانە دەمباتەوە بۆ کۆڵآنەکانی یاری
دەمکاتەوە بەکوڕی خاك
ناوم بەتەوێڵی وەرزەکانەوە ئەکوژێنێتەوە

دەستم ئەگرێ
تا لە جەنجاڵی وەرزەکان بێمە دەرێ
لەودیو پایزەوە
بەهار بەلێفە شڕەکەی پایز ئەخەوێ
جەستەی گەڵاکانی
لەرەنگی پەلکە زێڕینەیە
لەو دیوو بەهارەوە
هیچ گوڵێک چاولێک نانێ
لەو دیوو زستانەوە
باران پەشمەکیانە ئەبارێ
لەو دیوو هاوینەوە
هەموو وەرزێك دار هەرمێ یەك گشت میوەکان ئەگرێ
لەوو دیووە وە
وەك قوڵینگان فێرە قەتارە بووم
قەتارێکم بۆ لولەی تا پڕو
قەتارێکم بۆ مێرگی پڕ ئاوات
لەو دیووە وە
خەونێك بۆ تاوێك نامباتەوە
لای گوڵێك
کەبێ من پێ ئەکەنێ
نامباتەوە لای چاوی باخێك
کەبێ من ئەگری
نامباتەوە ئەو شوێنەی
ژیان بای یارێکە
ئێستە لەبیرم چۆتەوە
ئێوەش لەبیرتان ئەچێتەوە .............